cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ˝ 3



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/5/18 ژمارە (5272)

## ئەمریکا

# میوانداری یاری دێربی شاری مانچستەر دەکات



هەردوو جەمسەری شاری مانچستەری ئینگلیزی رایانگەیاند، کە یانەی مان یونایتد و سیتی لەیارییەکی دۆستانەدا لە 20ی حوزەیرانی داهاتوو لە شاری (هیۆستن/هەرێمی تکساسی ئەمریکا) بەیەک دەگەنن کە یەکەمین جارە یارییەک لە دەرەوە ئینگلتەرا ئەنجام دەدەن. هەردوو یانە لەچوارچێوەی گەشتی ئامادەکاری هاوینی داهاتوو، لەسەر یاریگای (ئێن ئار گی) تایبەت بەیانەی هیۆستن تیکساس رووبەڕوویی یەکتر دەبنەوە. لە هاوینی 2016یارییەکی نێون هەردوو یانەی لەشاری پەکین هەوڵوەشایەوە، بەهۆی خراپی یاریگا.

# کێ نزیکترە ببێتە باشترین یاریزانی پریمەرلیگ؟



دوای ئـەوەی پـەردە لـەسـەر پـاڵێـوراوانی باشترین یاریزانی خولی ئینگلیزی بۆ وەرزی 2016 - 2017لادرا، کـە تـیـایـدا 8 یاریزان لە 4یانە لەرکابەریدان. یاریزانانیش بریتین لە نگۆلی کانتی و ئادین هازارد و سیزار ئازبیلیکوێتا لەیانەی چێلسی، دیلی ئالی و هاری کین و یان فێرتۆنخین لەیانەی تۆتنهام، ئەلێکس سانشێز لە ئارسناڵ و رۆمێلۆ لۆکاکۆ لە ئیڤرتۆن.

– پێنج یاریزان دەترێت دەستبەرداریان بین لەنێوان ئەو هەشت یاریزانەی کە پاڵێوراون بۆ ئـەم خـەڵاتـە دەتـوانـرێت بـەشێـوەیـەکی رێژەیی 3 یاریزان دەستنیشان بکەین کە زۆرترین هەلی بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتەیان هەیە لەم وەرزەو دەتوانرێت 5یاریزان بخرێنە دەرەوەی ململانێکە. سیزار ئایزبیلیکویتا و یـان فـیـرتـۆنـخـین کـەمـتـرین هـەلی بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتەیان هەیە، بەهۆی رۆڵی بەرگریان لەژێر سێبەری ئەو ستەمەی لـەبـرگـریـکـاران دەکـرێت لـەخـەڵاتـە جیهانییەکان و گرنگیدان بە هێرشبەران و یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست. پێدانی ئەم خەڵاتە بە ئەلێکسیس سانشێز و رۆمێلۆ لۆکاکۆ ستەمە لە یاریزانانی دیکە، لەگەڵ ئەوەی گۆڵی گرنگیان بۆ یانەی ئارسناڵ و ئیڤرتۆن تۆمارکردووە، بـەڵام تیـپـەکـانـیـان وەرزێکی باشیان نیشان نەداوە، لەوکاتەی نیگۆلۆ کانتی خەڵاتی باشترین یاریزانی لەلایەن یەککرتووی پیشەگەرانی ئینگلتەرا پێدرا، هەروەها بەباشترین یاریان لەلایەن رێـکـخـراوی نـووسـەرانی ئـیـنـگـلـتـەرا دەستنیشانکرا،

– هـازارد و ئـالی و کـین.. بـاشـتـرینی ئـەم وەرزە بوون؟

لەمیانی ئەم وەرزەی تۆپی پێی ئینگلتەرادا ئـادین هـازارد و دیـلی ئـالی و هـاری کـین باشترینی ئەو هەشت یاریزانەی پاڵێوراون بۆ ئەم خەڵاتە بوون، لەلایەنی رابەرایەتی کردنی یانەی چێلسی بۆ خولی ئینگلیزی و ئەوانی دیکەش بۆ وەرگرتنی پلەی دووەم و سێـیـەمی یـانـەکـانـیـان. هازارد وەرزێکی گـەورەی پێـشـکـەشـکـردووە 15گۆڵی تۆمـارکـردووەو 5گۆڵی دروسـتـکـردووە، هەروەها دایلی ئالی 5گۆڵی دروستکردووەو 17گۆڵی تۆمارکردووە، بەرامبەر بە 22گۆڵ بۆ هـاری کـین کـەبـاشـتـرین دوایـنـەی پریمەرلیگن، بەڵام بەرای من ئەوەی یەکەمین باشترینە چونکە رۆڵێکی جەمسەری هەبووە لەیانەکەی، بەڵام هاری کین تەنها رۆڵی گۆڵ تۆمارکردنی بینیوە. دیلی ئالی پێش هەموو یاریزانان کەوتووە ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت، بەڵام هـەنـدێک بۆچوونی جیـاوازیان هەیە، ئەمەش مافێکی سروشتییە، چونکە هـەمـوو یـاریـزانـان رۆڵی بـاڵایـان بـیـنـیـوە، دیارکردنی باشترینیش تەنها بۆچوونێکەو هیچی تر.

**ئەبەز روستایی**



## سبەی

# سامپاولی لە ئیشبیلە دەڕوات

راپۆرتە هەواڵەکانی ئیسپانیا بڵاویانکردەوە، کە راهێنەری ئەرژەنتینی خۆرخێ سامپاولی راهێـنـەری یـانـەی ئـیـشـبـیـلـیـەی ئـیـسـپـانی لـەهـەیـنی داهـاتـوو رۆیـشـتـنی لە یـانـەکـەی رادەگەیەنێت، وەکو ئامادەکارییەک بۆ وەرگرتنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی. رۆژنامەی (مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئـیـسـپـانی بڵاویـکـردەوە، کە سـامـپـاولی لـیـسـتی هـەڵـبژاردەی ئـەرژەنـتـین بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردەی سەنگافورە لەیارییە دۆستانەکەی داهاتوویان رادەگەیەنێت، کە لـەسەروویان ئەفسانەی تۆپی پێی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی تانگۆ لیۆنێل مێسی لەخۆ دەگرێت، کە ئەمەش جاری یەکەمە لەدوای رۆیشتنی راهێنەر ئیدگاردۆ باوزا. هەمان سەرچاوە دەڵێت: ساوپاولی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەهەینی داهاتوو رۆیشتنی لەیانەی ئیشبیلیەو پەیوەندیکردنی بەهەڵبژاردەی تانگۆ رادەگەیەنێت.

## NBA

# ستیڤن کۆری بووە باشترین حەوتەمین یاریزان لەتۆمارکردنی سێ خاڵی لەپلای ئۆف

سـتـیـڤن کۆری خۆی وەکـو ئـەسـتێرەیـەک نیشاندا لەیاری یەکەمی کۆتایی رۆژئاوا لەنێوان یانەکەی گۆڵدن ستیت و سان ئـەنـتـۆنـیـۆ سـپـێـرێـز، بۆ جـاری یـەکـەم لـەبـەردەم چـاوی هـانـدەرانی (ئۆراگل ئـارینـا) تونی 40خاڵ بۆ یـانـەکـەی لە پلای ئۆف تۆمار بـکـات، لـەم یـارییـەدا توانی 7سێیینە تۆمار بکات، بەمەش پێش یاریزان پۆل بیرێس کەوتەوەو هاتە پـلـەی حـەوتـەم لـەلـیـسـتی بـاشـتـرین تۆمارکەرانی خاڵی سێیینە لەمێژووی پلای ئۆف، کە ریزبـەنـدی ئـەم لـیـسـتـە بەمشێوەیەیە:

– رای ئالین 385 سێینە
– ریگی میلەر 320 سێینە
مانۆ گینۆبلی 314 سێیینە تاکو ئێستا
– لیبرۆن گیمس 309 سێیینە تاکو ئێستا
– کۆبی براینت 292 سێینە
– دیریک فیشەر 285 سێینە
– ستیڤن کۆری 281 سێینە تاکو ئێستا



## دیمیکلیس

# بەیەکجاری لەیاریکردنی تۆپی پێ دوورکەوتەوە



یانەی مەلەگەی ئیسپانی لە رایگەیاند کە بەرگریکاری ئەرژەنتینی مارتن دیمیکلیس بەیەکجاری کۆتایی بەیارکردنی تۆپی پێ هێنا. دیمیکلیس لە لێدوانێکی بۆ میدیاکانی ئیسپانیا گوتی: خەونێک بوو بۆم کە لەریزی یانەی مەلەگە کۆتایی بەکاروانی یاریکردنم بهێنم، ئەم یانەیە پێگەیەکی تایبەتی لەدڵم هەیە، شانازیە بۆم کە لەدوایین رۆژکانی یاریکردنم لەو یانەیە بم، لەمڕۆ بەدواوە دەمەوێت ببمە هاندەرێکی یانەی مەلەگە تا کۆتایی ژیانم و لەسەر پەیژەکان هانی یاریزانانیان بدەم. یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرژەنتینی بۆ چەندین گەورە یانەی ئەورووپا یاری کردووە وەکو: بایرن میونخ و مان سیتی و ئیسپانیۆل.